# مەنسووری حیکمەت و دزینی بۆچوونەکانی بیرمەندی گەورە (تۆنی کلێف)

ئەردەڵان عەبدوڵڵا

لەگەڵ پەیدابوونی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران ، ناوی مەنسووری حیکمەتیش کەوتە ناو ئەدەبیاتی کۆمۆنیستیەوە . ناوی کەوتەناو هەموو ژمارەیەکی گۆڤارو رۆژنامەکانی حیزب . لێ لەسەرەتای نەوەتەکان دا ، ئەم بەرێزە ( **هەرایەکی**) گەورەی نایەوەو بەناوی ( خیلافاتی فکری) خۆی لەحیزب جیاکردەوە . بەحوکمی ئەوەی چەپی ئەم دیویش لەمندالدانی کۆمەڵە گەورەبووبوون، ئەو هەرایەی مەنسوور کاری تێکردن .لەسەرەتادا مەنسوور خۆی وا پیشاندا کە شتی نوێی پێیە و جیاوازە لە کۆمەڵە ، ئەوەبوو نامیلکەیەکی بەناوی ( جیاوازیەکانمان) بڵاوکردەوە. ئەوەی جێگای باسە ئەو شتانەی کەمەنسوور دەیووت ، بۆ چەپی ئەو کاتە شتێکی نوێ و رادیکاڵ بوو. هەر بۆیە بەشێکی زۆری چەپ کەوتە ژێر کاریگەری مەنسوورەوە .لێ بەداخەوە بە گەیشتنم بۆ ئەوروپا، زانیم کە ئەو بۆچوونانەی کەمەنسوور باسی لێوە دەکرد ، لێرە تۆزی لێ نیشتووە. بگرە ئەو گفتوگۆیانەی چەپی کوردی دەیکرد، زۆر جیاوازو دواکەوتوو بوو لە چاو چەپی ئەوروپادا. پاش ئەوەی تێکەڵی کۆمەڵێک گرووپی ترۆتسکی بووم و لەرێگای ئەوانیشەوە بیرمەندی گەورەی ئینگلیزی(تۆنی کلێف) و چەند بیرمەندێکی تر وەکوو (کریس هارمان و جۆن مۆلینۆ) ناسی، زانیم کەمەنسووری حیکمەت هەموو بۆچونەکانی لەم بەرێزەوە **دزیووە.** بەڵێ دزیووە چونکە مەنسوور لەهیچ کتێبێکیدا ئاماژەی بەم نووسەرە نەکردووە .

مەنسوور تەحلیلی بۆ سۆڤێت ئەوەبوو کە بە سەرمایەداری دەوڵەتی لەقەڵەمی دەداو باسی بیرۆکراسی ستالینی کردووە . تۆنی کلێف ساڵی 1947 کتێبێکی بەناو ( سەرمایەداری دەوڵەتیەوە) نووسیوەو ، رەخنەی گەورەی لە سیستەمە چەتەگەریەکەی ستالین گرتووە . کەچی مەنسوور ئەم بۆچوونەی کردووە بەهی خۆی . مەنسوور کەناوی خۆیانی بە(حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری) دانا . ئەمەشی لەوەوە هێناویەتی . تۆنی کلێف لەحەفتاکان حیزبی ( کرێکارانی سۆسیالیست ) دروست کرد ، ئەو پێی وابوو کە حیزبی کرێکاران حیزبێکی ناکرێکاریە ، بۆیە ئەم ناوەی بەکارهێنا تاخۆیان لەوحیزبە جیابکەنەوە . مەنسووری حیکمەت ئەو بەرنامەیەی کە بۆ حیزبە نوێکەی نووسی ، هەر هەمووی لە بەرنامەکەی تۆنی کلێفەوە دزیووە و ، زۆربەی بۆچوون و بەرنامەکانی حیزبی کرێکارانی سۆسیالیست ، کردووە بەفارسی و بەناوی خۆیەوە بڵاویکردۆتەوە . جگە لەوەی سوودی لە بۆچوونەکانی ( کریس هارمان و جۆن مۆلینۆ ) ش وەرگرتووە . بەڕاستی ئەمەی مەنسوور کردوویەتی کارێکی ناکۆمۆنیستی ودوورە لەمۆڕاڵی نووسینەوە .چونکە لەهیچ کاتێکدا شتی لەو بابەتە لەناو بزووتنەوەی چەپدا رووی نەداوە . من پێم وایە باشترە بۆ حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ، کە ئەوان لەجیاتی مەنسوور دان بەم تاوانەی مەنسووردا بنێن و داوای لێبووردن بکەن ، چونکە ئەمڕۆ هەموو دەزانین مەنسوور تەمەنی درێژی بۆ ئەوان بەجێ هێشتووەو ئەوان وەریسی شەرعین . بەراستی نابێت چیتر ئەو بۆچوونانەی بەناوی مەنسوورەوە بڵاوبکرێتەوە ، چونکە ئەو بۆچوونانە هی ئەو نین و ماڤی ئەوی پێوەنین. باشیش نییە حیزبێکی کۆمۆنیستی ئەندامانی بەوشێوەیە پەروەردەبکات . ئەمرۆ حیزبی کرێکارانی سۆسیالیست ، ئەندامی لە چەندین ووڵاتی جیهان هەیە و، لەکوردستانیش سەنتەری رۆشنبیری کۆمۆنیستی بەشێکی زۆری ئەدەبیاتی ئەوان و بۆچوونەکانی تۆنی کلێفیان کردووە بەکوردی . جالەبەر ئەوە ، گەر هاورێیانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری،زمانی ئینگلیزیش نەزانن ، ئەوا بۆچوونەکانی تۆنی کلێف کراون بەکوردی ، با بچن بیخوێنەوەو بزانن من راست دەکەم یان مەنسووری حیکمەت راستی ووتوە . هیوادارم ئەم بۆچوونەم بەدڵێکی فراوانەوە هەڵبگرن .

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com